# رۆژی ١/٢٩ لەسەرتاسەری جیهاندا ئێران "شەرمەزار" دەکرێت

بریارە رۆژی ٢٩ی ئەم مانگە لەزۆربەی وڵاتانی جیهانو لەشاری هەولێر دژی سزای لەسێدارەدان لەئێران خۆپیشاندانێکی سەراسەری بەڕێوەبچێت.

دەقی ئاگادارینامەکەی کوردۆساید دەخوێننەوە:

رۆژی ٢٩ مانگ لە سەرتاسەری جیهان کۆماری ئیسلامی ئێران شەرمەزار دەکرێت

تایبەت بە کوردۆسایدبریار وایە لە رۆژی ٢٩ مانگ لە سەرتاسەری جیهان دژ بە حوکمی ئیعدام لە ئێران خۆپیشاندانی سەرانسەری ساز بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**نەرویج:**

شاری ئۆسلۆ بەردەم باڵویزخانەی ئێران کاتژمێر ١ بۆ ٢ ی پاش نیوەڕۆ.

کاتژمێر ٢ بۆ ٣ ی پاش نیوەڕۆ بەردەم وزارەتی دەرەوەی نەرویج.

ئەڵمانیا:

**فرانکفۆرت** ٢ پاش نیوەڕۆ لە بەرامبەر کۆنسڵگەری کۆماری ئیسرمی ئێران (Raimundstraße 90)، کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆ ناوەندی شار (هاویت واخە).

بریمن :٢٩-١ کاتژمێر ٢ تا ٥ی پاش نیوەڕۆ لەMarktplatz

کۆڵن: ٢٩-١ کاتژمێر ١بۆ ٣ پاش نیوەڕۆ مەیدانی دۆم پلاتە.

هامبۆرگ: ٢٩-١ دریژەی دواتر رادەگەیەنرێت.

**کانادا:**

تۆرنتۆ: ٢٩-١ کاتژمێر ٢ بۆ ٤ ی پاش نیوەڕۆ

شوێن: تەقاتعی یانگ و دانداس بەرامبەر ئیتۆن سەنتەر.

ڤانکۆڤەر: ٢٩-١ کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ بەرامبەر ئارت گەلەری"

ئۆتاوا: ٢٩-١ کاتژمێر ١٢ بۆ ٢ی پاش نیوەڕۆ بەرامبەر پارلەمانی ئۆتاوا.

**سوید:**

مالمۆ: ٢٩-١ کاتژمێر ١ بۆ ٣ی پاش نیوەڕۆDavidhallsbron :

ستۆکهۆڵم: ٢٩-١ کاتژمێر ٢ بۆ ٤ی پاش نیوەڕۆ لە گۆڕەپانی سرگڵ.

یۆتۆبۆری: ٢٩-١ دواتر وردەکارییەکانی بڵاو دەکرێتەوە.

**بەریتانیا:**

لەندەن: ٢٩-١ کاتژمێر ٢ بۆ ٤ی پاش نیوەڕۆ گۆڕەپانی ترافالگار بەرامبەر ناشنال گەلەری

North Terrace (outside the National Gallery) ،Trafalgar Square

**هۆڵەندا**

لاهای: هەینی ٢٨-١ لە بەرامبەر پارلەمان کاتژمێر ٣ بۆ ٥ی پاش نیوەڕۆ

ئەفغانستان:

کابول، هەرات، مەزار شەریف، قەندەهار ٢٩-١"

**ئەمەریکا:**

واشتنۆن: ٣٠-١ کاتژمێر ١٢-٣ی دوانیوەڕۆ لە بەرامبەر مەکتەبی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران (ویسکانسین ئۆنیۆ – واشتنۆن.

هەولێر: ٢٩-١ بەرامبەر کونسلییەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئارێز داراپوور بەرپرسی کۆمیتەی رۆژهەڵاتی چاودێری کوردۆساید لە پەیوەند بە خۆپیشاندانەکانی ٢٩-١ بانگەوازی هەموو کوردستانیان دەکات بۆ بەشداری چالاکانە لە سەرجەم خۆپیشاندانەکانی رۆژانی ٢٨ و ٢٩ و ٣٠ مانگ لە سەرتاسەری جیهان